**ڕوونکردنەوەیەکی پێویست لەگروپی ڕۆژنامەنووسانی بێسنوورەوە**

**بۆ: رای گشتی**

دوای رفاندن و تیرۆرکردنی خوێندکار و ڕۆژنامەنووس(سەردەشت عوسمان)و دواتر دۆزینەوەی تەرمەکەی لەدەرەوەی شاری هەولێر. لەیەکەم چرکە ساتەوە گروپەکەمان

بەباروودۆخێکی نائاساییدا گوزەری کردووەو، هەموو هەوڵێکی خۆی خستەگەڕ بۆ ئەوەی بگات بەڕاستی و بزانێت بکوژانی کێن. دوای چەندین ڕۆژ بەبڕیاری سەرۆکی هەرێم لیژنەیەك پێکهێنراوە بۆ لێکۆڵینەوە لەتیرۆرکردنی هاوڕێی خۆشەویستمان(سەردەشت عوسمان)بەڵام زۆر بەداخەوە لیژنەی ناوبراو جگە لەبڵاوکردنەوەی چەند ناڕاستیەك لەیەکەمین بەیاننامەی خۆیدا هیچ شتێکی تری لەهەگبەدا نەبوو. لەبەر ئەوە ئێمە هیچ حیسابێك لەسەر کارەکانی ئەم لیژنەیە ناکەین و، ڕای گشتی لەڕاستیەکان ئاگاداردەکەینەوە.

لەچەند خاڵێکی زۆر گرنگ ئەویش ئەوەیە کەلیژنەی ناوبراو نوسیویەتی شەهید هیچ شوێنەوارێکی ئەشکەنجەی بەسەر دەم و چاویەوە نەبووە. بەڵام بەهاوکاری دڵسۆزانمان چەند وێنەیەکمان دەستکەوت دوای ڕاوێژکردن لەگەڵ چەندین پارێزەری ناوخۆو نێودەوڵەتی گەیشتنە ئەو باوەڕەی وێنەکان بڵاوبکەینەوە، بەمەرجێك کەس و کارەکەی ڕازی ببن لەسەر بڵاوکردنەوەی ئەم وێنانە. بەڵام دوای ئەوەی برای شەهیدمان لەمبارەیەوە ئاگادارکردەوە. ناوبراو لەوەڵامدا کەلەخوارەوە بڵاویدەکەینەوە. داوای لێکردین وێنەکان بڵاونەکەینەوە ئێمەش داوای برای کاك سەردەشتمان بەهەند وەرگرت. بۆیە لای خۆمان وێنەکان دەپارێزین و بڵاویان ناکەینەوە. بەڵام ئامادەین وێنەکان بدەینە لایەنێکی نێودەوڵەتی بەمەبەستی بەدواداچوون لەسەر چۆنیەتی لێکۆڵینەوەی ئەم لیژنەیە.

**گروپی ڕۆژنامەنووسانی بێ سنووری کوردستان**

2010/6/7

---

وێنەیەك:

بۆ؛

-سەرۆکی هەرێم

-سەرۆکی حکومەت

-پەرلەمانی کوردستان

-لیژنەی ناوبراو

-نوێنەری یوئێن لە عێراق
-باڵوێزخانەی وڵاتانی بیانی لە عیراق
- رێکخراوی ئەمنستی

**ئەوەش وەلامی برای کاک سەردەشتە بۆ ئێمە لەبارەی بلاونەکردنەوەی وێنەکان:**

!Slaw Kak Kardo gyan

gyan zor sopas bo agadarkrdnawa u pransibi insani kartan, barasti bo mn zor Kaka
naxoshbu ka aw Rasmanam bini u zor betaqatbum, har kasekitrish la zor
...bibinet zor betaqat u brindari akat u zor naxosh abet boy xezanakaman
lagal sopas u pezanini zorm bo To u Hawkarant... Dawakarin aw kaka Kardo gyan
nakretawa chunka barasti wasf nakret blawkrdnawai aw wenana zor wenana blaw
abet bo sar ihsas u shur u atfai har insanek la nzikawa Sardasht karigari naxoshi
....bnaset

dwai 04- Kaka Kardo gyan, am rasmanaman nadibuu u harwaha ema hich rasmeki
ema 05-2010 nya.... bo agadarit Rudaw yakek law wenanai blawkrdawa nak har
....hamu xalk pei narahat buu